# "حكومەتی كاتی" هیچ شەرعیەتیكی نی‌یە وده‌بی هیزەكانی ئەمریكا بچیتەدەروه؟

**لەچوارچیوەی كەمپینیكی سەراسەری كە ریكخراوی درەوەی حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق بەدژی داسەپاندنی حكومەتی كاتی ومانەوەی هزەكانی ئەمریكا بەری خستووە، لەچەندین ولاتی ئەوروپاوكەنەداو ئوستراليا لەرۆژانی 26ی ئەم مانگەوە،چەندین پیكیت و ئاكسیۆنی نارەزایەتی لەنیوەندی شارەكان ولەبەردەم سەفارەتەكانی ئەمریكا بەریخرا، ئەمەی خوارەوە كۆرتەی هەوالەكانی ئەم پیكیت و ئاكسیۆنانەیە :**



## نەرویج:

لەم كەمپینەدا كۆمیتەی نەرویج ئەم چالاكیانەی خوارەوەی بەری خستووە:

1- ڕۆژی شەممە 2004/06/26 شەبەكەی دژی شەڕ لە نەرویج خۆپیشاندانێكی ساز كرد لە ژێر دروشمی " كۆتایی بەداگیركاریی عێراق بهێنن، سەربازەكانی نەرویج بكێشنەوە". سەرەتا كۆبوونەوەیەكی جەماوەری لەبەردەم بینای پەرلەماندا ساز كرا كە چەندین ووتاری تیا خوێنرایەوە دژ بە بەشداری نەرویج لە داگیركاریی عێراق‌و مانەوەی سەربازەكانی لەوێ. دواتر بە خۆپیشاندان بەڕێ كەوتن بەرەو سەفارەتی ئەمریكا لە ئۆسلۆ، وە پەیكەرێكی شێوەی جۆرج بوش كە دروست كرابوو، ڕوخێنرا وەك نیشاندانی تووڕەیی بەشداربووان.



كۆمیتەی نەرویج كە بەشێكە لەو شەبەكەیە، بەشداری بەرچاوی كرد لەو خۆپیشاندانەدا. وێڕای ئامادەبووانی ئەندامان‌و دۆستان، دەیان بەیاننامەی حزب بە ناوی (06/30 ڕۆژی ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەریمانە بۆ لەكارخستنی "حكومەتی كاتی"و كردنە دەرەوەی هێزە داگیركەرەكانی ئەمریكا لە عێراق) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوكرانەوە لەگەڵ دەیان نوسخە لە فۆرۆردی ئینگلیزی‌و بانگەوازی كۆمیتەی نەرویج بۆ سازدانی سێ ڕۆژی نارەزایەتی بە زمانی نەرویجی. هەروەها لافیەتەی سەربەخۆی حزب‌و چەندین تراكت كە شیعارەكانی (كوشتاری مەدەنی خەڵكی عێراق مەحكومە، بوش‌و بلێر ئەبێ دادگایی بكرێن، حكومەتی كاتی دەسكەلای ئەمریكا هیچ شەرعیەتی نی‌یەو ئەبێ هەڵوەشێتەوە، نا بۆ حكومەتی كاتی سەپێنراوی ئەمریكا، بەڵێ بۆ حكومەتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك...... وە چەندینی تر) بەرزكرابوونەوە. وە دواتر شەبەكەی ناوبراو ئاهەنگێكی ناڕەزایەتی سازدا، كە لەوێدا مێز كتێبی حزب دانرا، كە بەرنامەی حزب‌و بڵاوكراوەكانی بە زمانەكانی عەرەبی و كوردی و ئینگلیزی لەسەر بوو.

2. دانانی پیكیتی ناڕەزایەتی لەبەردەم پەرلەمانی نەرویج ڕۆژانی 28 و 6/29 كاتژمێر 4 ی پاش نیوەڕۆ، هاوكات لەم پیكیتەدا توانرا چەندین ژمارە لەئەدەبیات و بەیاننامەكانی حیزب بلاوكرانەوە و بانگەوازی خەلكی كرا بۆ ئامادەبوون لەئاكسیۆنی نارەزایەتی بۆبەردەم سەفارەتی ئەمریكا.

3. ڕۆژی 6/30 و لە كاتژمێر 4 ی پاش نیوەڕۆ كۆمیتەی نەرویج هەلدەستی بەسازدانی ئاكسۆنیكی نارەزایەتی بۆبەردەم سەفارەتی ئەمریكا.

## سویسرا:

رۆژی 2004/6/26  کۆمیتەی سویسرای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق هاوکات لەگەڵ دەیان حزب ولایەنی سویسری لەدژی بەشداری وەفدی حکومەتی کاتی بەکرێگیراو ئەمەریکاو دژی خواستەکانی خەڵك لەگەڵ تۆڕی تونێنەرایەتی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوەی ئازادی ژن و فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا, لەکۆبوونەوەی دەوڵەتان وسەرمایەدارانی ئەوروپی لەشاری مۆنتارینای سویسرا , خۆپیشاندانێکیان بەرپاکرد.
خۆپیشاندەران بەنێو شەقامەکان وکۆڵانەکانی مۆنتارنا دا بەهوتاف ((هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی پێویستە بچنە دەرەوە, دامەزرێ حکومەتی نوێنەرانی خەڵك بەنێو شاردا سوڕانەوە, پاشان لەبەرامبەر کۆشکی کۆبوونەوەکەدا ڕاوەستان کە بەهێزی گەورەی پۆلیس دەوردرابوون. یەکەم ووتار لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە بەزمانەکانی ئەڵمانی و فەرەنسی خوێنرانەوە کە لەنێو پێشوازی گەرمی خۆپیشاندەران و هوتاف کێشان و چەپڵەڕێزاندا بەرەوڕووبوو.
هەروەها لەڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەدا بەشی زمانی فەرەنسی ڕادیۆی سەراسەری سویسرا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هاوڕێ ئاوات عەلی ئەنجامدا کە بۆچی ئەم حکومەتە کاتیە ناشەرعیەو بەدیل و سیاسەتی حزبی کۆمۆنیسیتی کرێکاری عیراق چیە وە چۆن بڕیاری 1546 لەدژی بەرژەندی وخواستەکانی خەڵکی عیراقە. هەروەها شاندی حزب  بۆ چەندین رۆژنامەو بلاوکراوە کان روونکردنەوەی یان دەربارەی سیاسەتی حزب بۆ گواستنەوەی دەسەلات روونکردەوە. لە هەمان کاتدا بەیاننامەکانی حزب و لافیتەکانی حزب سەرنجی جەماوەری خۆپیشاندەرو میدکانی بۆ خۆی کێش دەکرد.
هەر لەو پەیوەندەدا رۆژی 2004/7/1 لەمەرکەزی شاری بیرن پایتەختی سویسرا  بۆماوەی 4 سەعات پیکیتی نارەزایەتی ودانانی مێزکتێبێ ڕازاوە بە کارو خەباتی حزب لەدژی سیاسەتی ئەمەریکاو لەدژی جێگیربوونی نەخشەو پلانەکانی ئەمەریکاو حکومەتی بەکرێگیراوی عەشیرەتی سازدەدری و لە سەعات 8 ی ئێوارەی هەمان رۆژدا  سمینارێك بەزمانی  ئەڵمانی بۆهاوڕێ ئاسۆ جەبار لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و کرستیان تسیلەر لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەسویسرا دەبەستین .

**ئەلمانیا:**

ریکخراوی ئەلمانیای حیزب لەشاری کۆلن رۆژی چوار شەممە 2004/6/30 کاتژمیر 5 تا 8 ی ئیوارە هەڵدەسیت بە دانانی پیکیتیکی نارەزایەتی ومیزکیتابیکی رازاوە بە نوسراوەو ئەدەبیاتەکانی حیزب لە سەنتەری شاری کۆلن NEUMARKT  وە لەویدا وباس وهەڵویستەکانی حیزب سەبارەت بەداسەپاندنی حکومەتی کاتی  وئالوگۆڕەکان و داهاتوی عیراق بە هەر سێ زمانەکانی ئەڵمانی و عەرەبی کوردی بلاو دەکریتەوە.

**فنلاند:**

لەچوارچیوەی ئەم کەمپینەدا رێکخراوی فنلاندی حیزب بریارە لەرۆژی 6/30 پیکیتیکی نارەزایەتی لەسەنتەری شاری هیلسنکی سازبدا. لەم پیکیتەدا میزکتابی حیزب رازاوە بەپلاکارت و دروشم وچەندین پۆستەر کەتەعبیرن لەبارودۆخی بیکاری و نائەمنی و کۆشتاری خەلکی عیراق نیشانی ئامادەبووان ئەدری.
هەروەها ریکخراوی فنلاند هەمان رۆژ بەشداری لە ئاکسۆنیکی نارەزایەتیدا دەکات کەلەلایەن کۆمیتەی دژی شەرەوە بانگەوازی بۆکراوە. ئاکسیۆنەکە لەبۆبەردەم پەرلمانی فنلاند بەری دەخری.

**هۆلندا:**

ریکخراوی هۆلندای حیزب رۆژەکانی 26 و 6/27 لەسەنترومی (دانهاغ) بۆ ماوەی 3 کاتژمیر هەستا بەسازدانی پیکیتیکی نارەزایەتی، هاوکات میزکتبی حیزب کەتەواوی بەیاننامە وبلاوکراوەکانی حیزبی لەسەر بوو دانراو چەندین ژمارە لەبلاوکراوەکانی حیزب بلاوکرانەوە. ئەمەو بریارە ریکخراوی هۆلندای حیزب  رۆژی چوارشەممە 30 . 6 . 2004 لەبەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە دانهاغ خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەرپابکات.

**ئوستراليا:**

ریکخراوی ئوسترالیای حیزبیش لەچوار چیوەی کەمپینی سەراسەری ریکخراوی دەرەوەدا رۆژی 6/30 هەلدەستیت بە سازدانی ئاکسیۆنیکی نارەزایەتی لە شاری سدنی بۆبەردەم قونصولیەی ئەمریکا لەم ولاتە.

**کەنەدا:**

ریکخراوی کەنەدای حیزب رۆژی 6/30 لەشاری تۆرنتۆ هەلدەستیت بەسازدانی ئاکسیۆنیکی نارەزایەتی لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەم شارەدا.

**بریتانیا:**

بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەبەرامبەر هەولەکانی ئەمریکا بۆ داسەپاندنی حکومەتی دروستکراوی ژێر دەستی داگیرکرای و جەنگ و برسیتی کردنی خەلکی عیراق، ریکخراوی بەریتانیای حیزب رۆژانی 26و 27 6 هەستا بەسازدانی پیکیتیکی نارەزایەتی لەجادەی ئیجوارد رۆد وناوەندی تراڤلکارسکویر لەشاری لندن .. لەم پیکیتانەدا چەندین ژمارە لەبەیننامەو بلاوکراوەکانی حیزب بلاوکرانەوەو بۆماوەی زیاتر لە 3 کاتژمیر بەدانی هوتاف و خویندنەوەی دروشم و تراکتەکانی حیزب کەهەلویستەکانی حیزبیان لەبارەی حکومەتی کاتی و داهاتوی عیراقەوە دەخستەروو.. هەروەها ریکخراوی بریتانیا رۆژی 6/28 پیکیتیکی نارەزایەتی لەبەردەم مالی تونی بلەیر لەشاری لندن سازدا و ژمارەیەك لە هاوریانودۆستانی حیزب ئامادەیی بون .لەم پیکیتەدا ویرای بلاوکردنەوەی بلاوکراوەکانی حیزب لەبلندگۆوە تراکت و د روشمەکانی حیزب خویندرانەوە و سەرنجی خەلکیان بۆلای خۆی راکیشا.

ئەمانەو بریارە رۆژی 6/30 ریکخراوی بریتانیا هەستیت بە سازدانی ئاکسیۆنیکی نارەزایەتی بۆ بەردەم پەرلمانی بریتانیا بەدژی داسەپاندنی دەولەت وحکومەتی دروستکراوی دەستی ئەمریکاو بریتانیا بەسەر خەلکی عیراقدا. هەرهەمان رۆژ تەشکیلاتی لیستەری حیزب بەهاوبەشی لەگەل ورکر لیبریتیدا سمیناریکیان سازداوە بۆ قسەوباس لەسەر حکومەتی کاتی و هەلویستی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەسەر ئەم حکومەتە وپیشنیاری بۆ داهاتووی عیراق.. لەم سمینارەدا هاوریان ئارام و هۆزان محمود بەشدردەبن..

**خەبات و نارەزایەتیەکانی ئیمە دریژەی دەبی تا بەدیهینانی نان و ئەمنیەت و ئازادی وحکومەتی سکولاری هەلبژیردراو لەنوینەرانی خەلك..**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**ریکخراوی دەرەوە**

**2004/6/29**